# نمونەیەک لە دیموکراسیەتی سوێد... قادر نادر

2006/02/22



14 مانگ زیاترە میدیای سویدی بەگەرمی باس لە کەم و کورتی حکومەتەکەی دەکات، بەهۆکاری سێ رۆژی یەکەم لە کارەساتی تسۆنامی بەدوای هاوولاتی و قوربانیەکانی بەپەلەدا نەچووە، سەرەنجام لەچەند رۆژی رابردوودا سەرۆك وەزیران و هەندێ وەزیر، بانگ کرانە پەرلەمان و لێکۆلینەوەیان لەلایەن لیژنەیەکی پەرلەمانی لەگەل سازکرا.
زۆرترین رەخنە رووبەرووی وەزیری دەرەوە بۆوە، چونکە رووداوەکە لەدەرەوەی سوید بووە، ئەگەرچی وەزیری دەرەوە لە رۆژی سێیەمەوە بەپێ و هەلیکۆپتەر چەند رۆژێك بەنێو قوربانیان سووڕایەوە، کەچی لەسالگەردی یەکەمی کارەساتەکە، کەلە ستۆکهۆلم یادی کرایەوە، لەترسی رەخنەی رۆژنامەو کەس و کاری قوربانیەکان نەیوێرا بەشدار بێت.
دوەم وەزارەت کەرووبەرووی رەخنەیەکی زۆر بۆوە وەزارەتی تەندروستی بوو، بەتایبەتی وەزیر، چونکە لەگەرمەی رووداوەکە پشووی سالانەی خۆی وەرگرتبوو، دوای 3 رۆژلەتێ پەرینی پشوەکەی ویژدانی جولابوو وە گەرابۆوە سەر کار، ئەم خانمە وەزیرە سەرەتا داوای لێبوردنی کرد، دواتر لەپرمەی گریانیدا، چونکە هەستی بە تاوان دەکرد بەرامبەر قوربانیانی تسۆنامی، وێنەی وەزیر بەگریانەوە، بووە مانشێتی لەلاپەرەی یەکی چەندین رۆژنامە، کە چی نەداوای لێبوردن، نەفرمێسکەکانی دادی نەدا لەبەرامبەر نارەزایەتیەکانی خەلك، بۆدەست لەکار کێشانەوەی لە وەزارەتدا.
ئەم کەم و کورتیە لای گەلی سوید هەر بە (رەخنەکانی میدیا، لێکۆلینەوە ی لیژنەی پەرلەمانی لەگەل وەزیرەکان و دەست لەکار کێشانەوەی هەندێکیان کۆتایی نایێت، زۆر لە چاودێران پێیان وایە دەبێتە هۆی شکست و دۆرانی سۆسیال دیموکراتی دەسەلاتدارلە هەلبژاردنی داهاتوودا.
زۆر جار رەخنەی ئەوە لە رۆشنبیرانی کورد لە هەندەران دەگیرێت، کە تەنیا رەخنەکانیان ئاراستەی ئیدارە کوردیەکانە؟ هۆکارە سەرەکیەکەی بینینی ئەم نمونە جوانانەی دیموکراسیەتە، کاتێك ئاوریش لەئیدارە کوردیەکان دەدەینەوە، دەیان کە م و کورتی وتاوان دەبینی بێ هیچ لێپێچینەوەك تێدەپەرێت؟
راستە کەلتوری دیموکراسی لەوولاتێکی وەکو سوید مێژوویەکی کۆنی هەیە وە بە لووتکەی وولاتی دیموکراسی دەناسرێت، وە ناتوانین بەراوردی بەکوردستانێك بکەین کە دەیان سالە پەروەردەی دیکتاتۆری بەسەریدا زالە بەلام دەبێت بروامان بەو پەندە چینیەش هەبێت، رێگای هەزار میل بە شەقاوێك دەست پێ دەکات.

هەر بۆیەش بەندە نالێت لەسەر ڕووداوی هاوشێوە ی سوید، وەزیرەکانی کوردستان بانگ بکرێنە پەرلەمان، چونکە بەو پێیە بێت کەم وەزیر دەتوانێت لە سێ مانگ زیاتر لەپلەکەی بەردەوام بێت.

ئەوەی ئازاری ئێمەدەدات، هەر گەندەلی نیە کەبۆنی لووتی هەموو تاکێکی کوردی گێژکردووە، ئازارەکان زۆر لەوە گەورەترن، کاتێك فایلدارێکی (بەشی عێراق) وەك فەرید شەوقی و رامبۆ لێت دەبێتە پالەوانی شاشەی تەلەفزیۆن و باسی ئاسایشی نەتەوەیی کوردت بۆ دەکات!!

یان ئەنفالچیەك وەك کوری 14 سال قیت و قۆز لەشەقامەکانی کوردستان یان لەدەزگا حزبی وحکومیەکان دەسورێتەوە، وەك ئەوەی قارەمانی شاخ بێت!!

ئەمە باس لەدیار نەبوونی15 سالەی داهاتی خەلك وبوودجەی حکومەتیش ناکەم، چونکە بۆتە سیمایەك لەسیماکانی ئیداری پارتی و یەکێتی کەکەس نازانێت دەخیلەکانیان چەندە، چۆن سەرفی دەکە ن، چەندە بۆخۆیان چەندە بۆ میللەتە!!؟ لەم هاوکێشەیە هەموو کات چیرۆکێکی کۆنی تەمسیلی کوردیم دێتەوە یاد کە باس لە دابەش کردنی پەینی کیمیاوی دەکرد.

ئەمە جگە لە دەیان تاوان وفێل و درۆ کردن لە گەل میللەت، سەبارەت بەدەیان ڕووداوی مەترسیدارو چارەنووسازدا، کە دوایینی مەسەلەی ئەنفلۆنزای بالندە بوو، کاتێك کچێکی کورد تووشی نەخۆشیەکە ببوو، کەچی ووتیان هەلگری هەمان سیمای ئەنفلۆنزای بالندە نیە، بەلام کاتێك خالیشی بەهەمان نەخۆشی گیانی لەدەستدا، ناچاربوون دان بەڕاستیەکە بنێن؟

مرۆڤ ئەگەر لەم ڕووداوە وورد ببێتەوە بۆی دەردەکەوێت ڕێزی مرۆڤ و هەستی نیشتمانی لای دەسەلاتداری کورد چەندە بە نرخە؟ زیاتر لەیەك هەفتە ئەم نەخۆشیە مەترسیدارە لەکوردستان بلاوببۆوە، کەچی ڕانەگەیەنرا!؟ ئەمە لەهەر وولاتێکی تر بوایە حکومەت دەستی لەکار دەکێشایەوە لەشەرمان، کەچی کاکی وەزیر لەبەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی دانیشتبوو وەك ئەوەی نەبای دیبێت نەباران!!ناهەقی نیە ئەگەر لەسەر شێخ زانا یەك بەرپرس دادگایی بکرایە ئێستا ئەم وەزیرەش شەرمێکی دەکرد؟؟